# ڕاپۆتی تایبەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە بەندیخانە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی لەهەرێمی کوردستان
# بۆساڵی 2017

Hompeage / www.ihrckr.org/net/com

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ**

# پێشـــەکـی

یەکێك لەو ئەرکە سەرەکیانەی خراوەتە ئەستۆی (دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان) بەگوێرەی یاسای ژمارە (4 ی ساڵی 2010) بریتیە لە چاودێریکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە بەندیخانە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی وبەڕێوەبە رایەتیەکانی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسە، بەمەبەستی بەدواداچون و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەبارەیانەوە وەك چۆن لەمادەی چوارەم بڕگە6 ی یاساکەدا هاتوە، بۆئەم مەبەستە دەستەکەمان لەڕێگەی بەشی (چاودێری بەندیخانەکان) لەدیوانی دەستە و نوسینگەکانی لەشاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان وێڕای بوونی ئاستەنگە کارگێڕی ودارایيەکان بەردەوامە لە جێ بەجێ کردنی ئەوئەرکە.

ئەم ڕاپۆرتە ڕومالّی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ دەکات لەنێو بەندیخانەکان وچاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان بەتەواوی جۆرەکانیەوە بۆ ساڵی 2017، زانیاری و وردەکاریەکانی نێوی لەبەرئەنجامی سەردانە بەردەوامەکانی تیمەکانی دەستە وەدەست هاتوون و ڕەچاوی بنەماکانی پیشەیی بوون کراوە لەئامادەکردنیدا.

ئاشکرایە لەسەرەتای ئەم ساڵەوە بەهۆی درێژەکێشانی قەیرانە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستان ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ پاشەکشەی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لەنێویشیاندا ڕەوشی بەندیخانەکان بەتایبەتی بەجۆرێك لەم ساڵەدا ڕێژەی ڕاگیراوان وسزادراوان بەبەراورد بەساڵی ڕابردوو لەبەرزبونەوەی بەردەوام دابوە ئەمەش دۆخی مرۆیی نێوبەندیخانەکانی بەگشتی بەرەو

خەراپی بردووە و تادێت جۆرو ژمارەی پێشێلکاریەکان دەگەنە ئاستێکی مەترسیدار کەزۆرجار ڕوداوی نەخوازراوی بەدوای خۆیدا هێناوە وئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانیشی قورسترکردووە.

بەهۆی بەرزبونەوەی نارەزایی بەشێکی فراوانی هاولاٌتیان بەتایبەت چینی موچەخۆران لەهەمبەر کێشەکانی هەرێمی کوردستان هەندێك کات لەدەرەوەی ڕێوشوێنە یاساییەکان خەڵك دەستگیرکراوە ولەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە ڕوبەڕوی ئەشکەنجەدان بونەتەوە لەوڕووە دەستەکەمان بەردەوام لە پەیوەندی دابووە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ لەبەرچاوگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ داخوازی وخواستی هاولاٌتیانی کوردستان لەهەمانکاتیشدا جەختی لەوەکردۆتەوە کەپێویستە هاولاٌتیانیش لەچوارچێوەی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤ گوزارشت لە نارەزایە تیەکانیان بکەن، لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدراوە گرنگترین ئەوپێشێلکاریە زەقانە بخەینە ڕوو کەدەستەکەمان توانیویەتی ڕومالٌیان بکات وبەدیکۆمێنت لای خۆی بیان پارێزێت چونکە ئەوپێشێلکاریانەی کە لەبەندیخانەکانی هەرێمی کوردستاندا بەرامبەر بە بەندکراوان ڕویانداوە لەوە زیاترن کەلەم ڕاپۆرتەدا خستومانەتەڕوو.

## پێوەرەنێودەوڵەتی وناخۆیەکانی پەیوەست بەمافەکانی بەندکراوان

### یەکەم/پێوەرە نێودەوڵەتیەکان

چەندین دیکۆمێنت وبەڵگەنامەی نێودەوڵەتی هەن بۆ پاراستنی مافەکانی بەندکراوان وڕاگیراوان کەگرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:-

1-جاڕنامەی گەردونی مافەکانی مرۆڤ، مادەکانی (3-5-9-10-11) کەتێیاندا جەخت لە مافی تاك دەکەنەوە لە مافی ژیان وئازادی و سەلامەتی جەستەیی و هەروەها ئەم مادانە جەخت لەوەدەکەنەوە کەنابێت لەژێرهیچ پاساوێکدا مرۆڤ ڕوبەڕوی ئەشکەنجە وسوکایەتی وسزای قورس بکرێتەوە.

2- پەیمانامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافەئابوری وکۆمەلأیەتی وکەلتوریەکان، کەلەمادەی(11)دا گرنگی بەمافەکانی بەندکراوان داوە کە مافەکانی(خواردن، جل وبەرگ ،حەوانەوە،...) لەخۆدەگرێت.

3- پەیمانامەی نێودەوڵەتی تایبەت بەمافە مەدەنی وسیاسیەکان، بەجۆرێك لەمادەکانی (6-7-8-9-10-12-13-14) دا هاتوە کەهەموجۆرە ئەشکەنجەدان وبەکۆیلەکردن و کاری بەزۆرەملێ و ڕاگرتنی نایاسایی قەدەغەکراوە.

4- پەیمانامەی بەرەنگاربونەوەی ئەشکەنجەدان وهەموجۆرە مامەڵەیەکی نامرۆڤانە.

5- پەیمانامەی نێودەوڵەتی بۆنەهێشتنی هەموجۆرەکانی ڕەگەزپەرستی.

6- ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە پاراستنی کەسەکان لە (شوێن ونکردنی زۆرە ملێیانە)

7- بنەماکانی (نیلسۆن ماندێلا).

8- بنەماکانی ڕەفتاری جێبەجێکەرانی یاسا.(مادەی پێنجەم)

## دووەم/پێوەرەنیشتیمانیەکان

1- دەستوری هەمیشەیی عێراق: مادەکانی (14-46) تایبەتکراوە بەماف وئازادیە بنەڕەتیەکان.
2- یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969ی هەموارکراو.
3- یاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی ژمارە 23ی ساڵی 1971ی هەموارکراو.
4- یاسای دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ ژمارە (4)ی ساڵی 2010.
5- سیستەمی چاکسازی کۆمەلآیەتی لەهەرێمی کوردستان ژمارە(1)ی ساڵی 2008.

## بەڕێوەبەرایەتیەکانی گرتن وگواستنەوەی پۆلیس

لەهەرێمی کوردستاندا (7) بەندیخانە هەن کەتایبەتن بە و تۆمەتبارنەی کەلەلایەن پۆلیسەوە دەستگیردەکرێن و لەوێدا دەهێڵدرێنەوە تاکو لەلایەن دادگاکانەوە دۆسیەکانیان یەکلادەکرێتەوە کەبریتین لە بەندیخانەکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، هەڵەبجە، ڕاپەڕین، سۆران،گەرمیان)، تاکۆتایی ساڵی 2017 ژمارەی ئەوتۆمەتبارانە ی کەلە و بەڕێوەبەرایەتیانەدا ڕاگیراوان بریتی بوە لە (2185) تۆمەتبار ، ئەوەی جێگای سەرنجە سستیەکی زۆربەدیدەکرێت لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانیان لەماوەی یاسایی خۆیدا بەجۆرێك ژمارەیەك تۆمەتبار ماوەیەکی زۆرە ڕاگیراون بەبێ ئەوەی چارەنوسیان یەکلابکرێتەوە و لە ئێستادا لەدۆخێکی دەرونی ومرۆیی سەختدا ژیان بەسەردەبەن. تۆمەتبار (م.ن) لە بەندیخانەی گرتن

وگواستنەوەی پۆلیسی (هەولێر) بۆماوەی (4) ساڵە بەبێ ئەوەی هیچ مادەیەکی یاسایی لەسەرجێگیرکرابێت دۆسیەکەی لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە یەکلانەکراوەتەوە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکەی لەچوارچێوەی یاسادا دەستەکەمان بەنوسراوی ژمارە(550/16/1 لەڕێکەوتی 2017/5/7) ئەنجومەنی دادوەری لە وکەیسە ئاگادارکردۆتەوە ئەوانیش لای خۆیان بەنوسراوی ژمارە(986 لەڕێکەوتی 2017/6/6) وەڵامی دەستەکەمانیان داوەتەوە تێدا داوای زانیاری زیاتریان کردوە لەبارەی تۆمەتبارەوە لەئێستا هەردوولا لەپەیوەندی داین بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەگوێرەی یاسا هەروەها تۆمەتبارێکی دیکە بەناوی(ك،ح، ڕ) لە گرتوخانەی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی سلێمانی بەپێی مادەی (406)لەیاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969ڕگیراوە بەگوتەی خۆی "بۆماوی 18مانگ دەبێت دۆسیەکەی یەکلانەکراوەتەوە بە هۆی ئەوەی لایەنی دووەم لەکەیسەکەدا بەربەست بۆ ڕێکارەیاساییەکان دروست دەکەن ". دابینکردن و ڕە خساندنی دادوەریەکی دادپەروەرانە کەتێیدا تۆمەتبار هەست بەئەوپەڕی دڵنیایی بکات کەستەمی لێناکرێت لەمافە بنەڕەتیەکانی ڕاگیراوانە بەپێی بنەما نێودەڵەتیەکانی مافی مرۆڤ ویاسا نێوخۆییەکان لەو پێناوەدا دەستەکەمان بەبایەخێکی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەم پرسە و بەردەوامیش جەختی لێدەکاتەوە.

ڕەخساندنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ ڕاگیراوان وەکو پێویست گرنگی پێنەدراوە بەجۆرێك هەندێك لەبەندکراوان توشی نەخۆشی


www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com

جۆراوجۆربونه و  ئەوبنکه تەندروستیانەشی که لەنێوبەندیخانەکاندا هەن بەتەواوی دەرمانی پێویستیان بۆدابین نەکراوه بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی کەمی دەرمان له (ب.گرتن وگواستنەوەی هەولێر) بەنوسراومان ژمارە(640لەڕێکەوتی 2017/5/31) داوا لەوەزارەتی تەندروستی کراوه گرفتی ئەم بنکه یه چارەسەر بکات، وەزارەتی ناوبراو بەنوسراوی ژمارە (7650لەڕێکەوتی 2017/6/22) فەرمانگەی تەندروستی هەولێری ڕاسپاردووه بەپەله گرفتەکه چارەسەربکەن..

بەهۆی هەڵکەوتەی خەراپی جوگرافی (ب.گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی هەولێر) کەدەورەدراوه به هەریەك له(پالأوگەی نەوت، کوشتارگەی ئاژەلأن، شوێنی سوتاندنی خۆڵ وخاشاك لەکانی قرژاڵه) شەوانه دوکەڵ وبۆنێکی زۆرناخۆش بەسەر بەندیخانەکەدا بلأودەبێتەوه و زیانی هەبوه بۆسەرتەندروستی بەندکراوان، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەنوسراومان ژمارە (545 لەڕێکەوتی 2017/5/7)داوامان له هەریەك له (پارێزگای هەولێر) و(سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر) کردوه تاکو بەزوترین کات چارەسەری ئەم گرفته بکەن، سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر بەڕێوەبەرایەتی ژینگه پارێزی ڕاسپاردووه بۆ چارەسەرکردنی، تا ئامادەکردنی ئه ڕاپۆرته ئەم گرفته چارەسەرنەکراوه.

لەمیانی بەسەرکردنەوەی ڕاگیراوان هەندێك لەتۆمەتباران گلەیان لەبەشێك لەپارێزەران هەبوو کەوەکو پێویست تاکۆتایی هاتنی کەیسەکانیان لەگەڵیان نابن، لای خۆمان بەنوسراوی ژمارە (551/16/1 لەڕێکەوتی 2017/5/7)سەندیکای پارێزەرانی کوردستانمان لەم بابەته

ئاگادارکردۆتەوە سەندیکای ناوبراویش بەنوسراوی ژمارە (1599 لەڕێکەوتی 2017/5/28) کۆی لق وژورەکانی خۆی ڕاسپاردووە کە پارێزەارن بەتەواوی بەئەرك وبەرپرسیاریەتی خۆیان هەستن بەرامبەر بەبریکاردەرانیان.

بەشێك لەوبنکانەی کەتەرخانکراون بۆ ڕاگرتنی تۆمەتباران لەڕوی ستاندەرە نێودەوڵەتیەکانەوە گونجاونین بەنمونە گرتوخانەی(هەڵەبجەی تازە) پێویستی زۆری بەنۆژەنکردنەوە هەیە پاش ئاراستەکردنی نوسراومان بۆهەریەك لە (پارێزگای سلێمانی )و(پارێزگای هەڵەبجە) بەژمارەکانی 708/16/1 لەڕێکەوتی 2017/6/11و 530/16/1لە ڕێکەوتی 2017/4/27 تائێستا چارەسەری گرفتی ئەم گرتوخانەیە نەکراوە.

نەبونی بنکەیەکی تەندروستی تایبەت بە (بەڕێوەبەرایەتی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی دهۆك) بۆتە هۆی ئەوی وەك پێویست نەتواندرێت چاودێری تەندروستی ڕاگیراوان بکرێت وهەموو ئەو ڕاگیراوەکان بەوردی پشکنینی پزیشکیان بۆناکرێت لەئەگەری ڕودانی ڕوداوی نەخوازراو پشت بە بنکەی تەندروستی چاکسازی گەوران دەبەسترێت کەلەنێو هەمان باڵەخانەدا هەیە، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەنوسراومان ژمارە(369/16/1لەڕێکەوتی 2017/3/15) دوامان لەوەزارەتی تەندروستی کردووە بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە بەڵام تاکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە گرفتەکە هەروەك خۆیەتی.


www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com ناونیشان: هەولێر – گەڕەکی ئازادی – نزیك یاریگای فرانسۆ هەریری

وەك ئاماژەمان پێدا ڕۆژلەدوای ڕۆژ ڕێژەی تۆمەتباران ڕولەهەڵكشان دەكات لەئەگەری بەردەوامی ئەودۆخەدا بنكەكانی گرتن وگواستنەوە ناتوانن ژمـــارەی زیاتـــر لەخۆبگرن بۆنمونـــە بەپێی بەدواداچـــونەكـــانمـــان ( بەڕێوەبەرایەتی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی هەولێر ) لەتوانای دانیە تۆمەتباری زیاتر لەخۆبگرێت، لەهەندێك لە قەزاكاندا بە نمونە لەقەزای (ئاكرێ) بەهۆی نەبونی سەنتەری تایبەت بە ئافرەتانی هەڕەشەلێكراو ئەوئافرەتانەی كەكێشەكانیان تایبەتە بەتوندوتیژی خێزانیەوە لە بنكەكانی گرتن وگواستنەوەدا لەپێناو سەلامەتی گیانیاندا دەپارێزرێن ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ وگونجاو نیە ئەم ئافرەتانە وەكو تۆمەتبار مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت و لەوێدا ڕابگیرێن.

بەندیخانەی گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی (سلێمانی) لەبنەڕەتدا توانای لەخۆگرتنی (250)بەندكراوی هەیە بەڵام تاكۆتایەكانی ئەم ساڵ (596) بەندكراوی تێدا ڕاگیراوە ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی نەتوانرێت وەكوپێویست گرنگی بەپاك وخاوێنی و شوێنی خەوتنی بەندكراوان بدرێت هەروەها بنكەی تەندروستی بەندیخانەكە ناتوانێت چارەسەری پزیشكی ئەو ژمارە زۆرە بەندكراوە بكات لەكاتی نەخۆشكەوتنی بەندكراواندا و شوێنی تایبەت (محجر الصحی) دابینەكراوە بۆئەوبەندیانەی كەنەخۆشی سەختیان هەیە و لەگەڵ ڕاگیراوەكانی دیكەدا تێكەڵ دەكرێن بەنمونە ڕاگیراو(ڕ، ڕ) ماوەی (39) مانگە لەوبەڕێوەبەرایەتیە بەپێی مادەی (443) لەیاسای سزادانی عێراقی ڕاگیراوەو تائێستا دادگای تاوانەكانی سێی سلێمانی دۆسیەكەی یەكلانەكردۆتەوە بەهۆی ئەوەی باری تەندروستی

تێك چووە وبەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی ناتوانێت بەرگری لەخۆی بکات بەلاّم لەگەڵ بەندیەکانی دیکەدا تێکەڵکراوە، لەلایەکی دیکە سەردانیکردنی ئەندامی داواکاری گشتی بۆناوبەندکراوان بەمەبەستی بەدواداچون بۆگرفتە یاساییەکانیان لەئاستی پێویستدا نیە و ئەمەش نیگەرانی بەشێکی زۆری بەندکراوانی لێ کەوتۆتەوە.

خشتەی ژمارە(1) ئاماری ڕاگیراوان لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی 2017

| بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی ڕاگیراوان |
|---|---|
| ب. پۆلیسی پارێزگای هەولێر | 346 |
| ب. پۆلیسی پارێزگای سلێمانی | 569 |
| ب.پۆلیسی پارێزگای دهۆك | 711 |
| ب. پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە | 49 |
| ب.پۆلیسی سۆران | 80 |
| ب.پۆلیسی گەرمیان | 171 |
| ب.پۆلیسی ڕاپەڕین | 232 |
| **کۆی گشتی** | **2185** |

# بەندیخانەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش

ئەوکەسانەی بەتۆمەتی تیرۆر یاخود بەکارهێنان و بازرگانی کردن بەمادەهۆشبەرەکان وبەزاندنی سنور دەستگیر دەکرێن لەبەندیخانەکانی سەربە ئاسایش ڕادەگیرێن تاکو لەلایەن دادگاکانەوە بڕیاری کۆتایی لەبارەی کەیسەکانیانەوە دەردەچێت بەشێوەیەك ژمارەی ئەوکەسانەی کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش دەستگیردەکرێن ژمارەیان لەبەرزبونەوەدایە بەجۆرێك بەتەنها ئەوتۆمەتبارانەی کە حوکمدراون لەلایەن دادگاکانەوە بەتاوانی بەکارهێنان وبازرگانیکردن بە مادەهۆشبەرەکان دەگاتە لەزیاترلە (600) حوکمدراو. بەشێوەیەکی گشتی ئەوشوێنانەی کەتەرخانکراون بۆ ڕاگرتنی ڕاگیراوان لەگرتوخانەکانی سەر بەبەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایش گوناجاونین ولەگەڵ ستاندەرە نێودەوڵەتیەکانی تایبەت بەمافەکانی بەندکراوان نایەنەوە ئەگەرچی بەندکردن لەم گرتوخانانەدا تەنها بۆقۆناغی لێکۆڵینەوەو دادگایکردنە وسەرجەمی ئەوتۆمەتبارانەی تاوانەکانیان لەسەر ساغ دەبێتەوە پاش بڕیاری دادگا ڕەوانەی چاکسازیەکان دەکرێن.

دەستەکەمان لەڕێگەی سەردانی کردن و وەرگرتنی سکالای کەسوکاری بەندکراوانەوە بەردەوامە لەچاودێریکردنی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەوگرتوخانانەدا بەبەراورد بەڕابردووش بەدەنگەوەهاتنێکی باشتربەدیدەکرێت بۆ وەڵامی نوسراوەکانی دەستە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشەوە بەڵام لەم ساڵەدا نەتوانراوە بە شێوەیەکی پێویست وبەردەوام سەردانی ئەم گرتوخانانە بکرێت لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەپێشێلکاریەکان بەرامبە ر بەڕاگیراوان لەوێدا ئەنجام دەدرێن کەگرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە لە لێدان وئازاردانی هەندێك لە ڕاگیراوان

لەكاتی لێكۆڵینەوەدا ، ئەمەش بەهۆی كەمی ستافی دەستەو نەبونی هەماهەنگی پتەولەگەڵ دەزگای ئاسایشی هەرێمی كوردستان نەتواندراوە بەشێوەی دەوری سەردانی گرتوخانەكانی ئاسایش بكرێت لەكاتێكدا بەرێوەبەرایەتیەكانی ئاسایش بەفەرمی لاریان نەبوە بۆسەردانی كردن بەلاَم هەندێك كات ئاستی ئاساناكاری و هەماهەنگی كردن لە گەڵ تیمەكانی دەستە رێگەخۆشكەر نیە بۆ پرۆسەی چاودێریكردنی گرتوخانەكانی سەربە دەزگای ئاسایش.

بونی ئەو ژمارە زۆرەی تۆمەتباران و درەنگ یەكلاكردنەوەی كەیسەكانیان لەلایەن دادگاكانەوە بۆتەهۆی پێشێلكردنی بەشێكی زۆر لە مافی بەندكراوان كەخۆی دەبینێتەوە لە(خراپی پاك وخاوێنی هۆڵەكان، بەرخۆر وەرنەگرتنی پێویست، نەگونجانی شوێنی چاوپێكەوتن، قەدەغەكردنی چاوپێكەوتنی هەندێك لە بەندكراوان، كۆنی پێخەف ونەگونجاوی شوێنی نوسـتن) لـەلایەكی دیكـەوە لاوازی رۆڵی (داواكـاری گشتـی ) لەنێوبەندیخانەكانی ئاسایشدا بۆتە هۆی رودانی چەندین پێشێلكاری یاسایی لە چۆنیەتی بەرێوەچونی رێكارە یاساییەكان لەكەیسی راگیراوان.

لە روی دابینكردنی خواردنەوە توانراوە تائاستێكی شایستە بەبەهای مرۆڤ گرنگی بەوبوارە بدرێت ئەگەرچی كەم وكورتیش بەدی دەكرێت.

یەكێك لەمافە سەرەتاییەكانی راگیراوان بریتیە لە پەیوەندیكردن بە كەسوكارەكانیان، ئەوەی تێبینكراوە زۆرینەی ئەو كەسانەی كەلەلایەن هێزەكانی ئاسایشەوە دەستگیردەكرێن بەتایبەت ئەوانەی بەتۆمەتی تیرۆر تاماوەیەك كەسوكارەكانیان ئاگاداری چارەنوس وشوێنی دەستگیركردنیان نابن هەروەها هەندێك لەبەندكراوان لەرێگەی سكالاَوە دەستەكەمانیان لەوە ئاگاداركردۆتەوە كە نازانن كەسوكاریان بە چ تۆمەتێك دەستگیركراوە بەنمونە راگیراو ( د ، خ ) لە ئاسایشی گشتی هەولێر پاش (4) مانگ


www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com
ناونیشان: هەولێر - گەرەكی ئازادی - نزیك یاریگای فرانسۆ هەریری

دەستگیرکردن هۆکاری دەستگیرکردنەکەی بەکەسوکارەکەی ڕانەگەیەندراوە پاش بەدواداچونی فەرمی بە ڕێوەبەرایەتی ناوبراو بەنوسراوی فەرمی لەڕێگەی دەستەکەمانەوە هۆکاری دەستگیرکردنەکەیان ڕونکردەوە. هەندێك هاولاَتی سالاَنێکە لەچاوەڕوانی یەکلابونەوەی چارەنوسی کەسوکاریان دان بەنمونە تۆمەتبارێك بەناوی(هـ، م، أ) پاش ئەوەی بەگوتەی کەسوکارەکەی لەسالَی 2006 لەشاری موسلَ لەلایەن هێزێکی ئەمنی سەربەهەرێمی کوردستان دەستگیردەکرێت لەوبەروارەوە تائێستا هیچ سۆراغێکی نازانن و دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستانیش بێ ئاگایی خۆیان لەو کەیسە ڕاگەیاندووە، بەمەبەستی زانیاری وەرگرتن دەربارەی چارەنوسی ناوبراو لەڕێگەی نوسراوی فەرمیەوە داوای ڕونکردنەومان لە دەزگای ئاسایشی هەرێم کردوەو لەکاتی گەیشتنی وەلاَم کەسوکارەکەی لێ ئاگاداردەکەینەوە بەگوێرەی یاسا.

لە گرتوخانەکانی ئاسایشی سلێمانی هۆلَی تایبەت بۆ تۆمەتبارانی ژن تەرخانکراوەو کارمەندەکانیشی هەموی ئافرەتن، بەڕێوەبەرایتیەکانی ئاسایشی (هەولێر، دهۆك) ڕاگیراوانی ژن لەقۆناغی لێکۆلَینەوەدا ڕەوانەی چاکسازیەکانی ژنان ونەوجەوانان دەکەن کەبەهەمان شێوە کارمەندەکانی لە ڕەگەزی مێن، وێڕای بونی کەموکورتی لەم بوارەدا بەلاَم بەهەنگاوی باش دادەندرێن بەئاراستەی ڕێزگرتن لەبنەماکانی مافی مرۆڤ.

گرتوخانەکانی ئاسایش بنکەی تەندروستی تایبەت بەخۆیان نیە بەمەبەستی چاودێریکردنی ڕەوشی تەندروستی ڕاگیراوان بەلاَم پزیشکی گشتی بەبەردەوام سەردانی ئەم گرتوخانانە دەکەن، جگە لەوتۆمەتبارانەی کەبەفەرمانی دادوەر پەیوەندیان لێ قەدەغەکراوە ئەوڕاگیراوانەی کەسەردانیان نیە بەهۆی دوری شوێنی کەسوکاریانەوە دەتوانن هێلَی تەلەفۆن بەکاربێنن بۆ پەیوەندیکردن بەخێزانەکانیانەوە.

**خشتەی ژمارە(2) ئاماری ڕاگیراوانی ئاسایش(ب.گ.ئاسایش/هەولێر)لە کۆتایی مانگی (11) ی 2017**

| ناوی بەندیخانە | ژمارەی ڕاگیراوان |
|---|---|
| بەندیخانەی گشتی ئاسایش | 568 |
| بەندیخانەی ئاسایشی هەولێر | 1495 |
| بەندیخانەی ئاسایشی دهۆك | 303 |
| **کۆی گشتی** | **2366** |

# بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازیەکانی گەوران

باڵەخانەی هەرسێ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاکسازی(هەولێر، سلێمانی،دهۆك) بەپێی ستاندەری نێودەوڵەتی دروستکراون ولەلایەن لایەنی مەدەنیەوە بەڕێوەدەبرێن کە (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتیە) لە م ساڵدا ژمارەی حوکمدراوان لە چاکسازیەکانی گەوران زیادی کردووە کەلەنێویاندا (233) حوکم دراوهەن کەبەسزای لەسێدارەدان حوکم دراون زۆری ئەوژمارە حوکمدراوە لەتوانای لەخۆگرتنی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە زیاترە بەنمونە چاکسازی گەورانی (دهۆك) توانای لەخۆگرتنی (708)سزادراوی هەیە بەڵام تائامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە (1122)سزادراوی لێ یە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نەتواندرێت وەکو پێویت بەشێوازێکی شایستە جێگای حەوانەوەو نوستن بۆکۆی سزادراوان فەراهەم بکرێت، درەنگ کەوتنی بڕیاری دادگای (پێداچونەوە) لەبارەی کەیسی سزادراوان وکەمی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان وخەراپی مامەڵەی هەندێك لەکارمەندانی ئەوچاکسازیانە لەگرنگترین ئەوپێشێلکاریانەن کەڕوبەڕوی سزادراوان دەبێتەوە بەگشتی لەهەرێمی کوردستاندا بەڵام لەسەرەتای ساڵی 2017 ەوە چاکسازی گەورانی(سلێمانی) بەدۆخێکی نائاسایدا تێ پەڕی وچەند ڕوداوێکی نەخوازراویش ڕویاندا، دەستەکەمان بەنوسراوی ژمارە (726/16/1لەڕێکەوتی 2017/6/13)داوای لە( وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی) کرد کە هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکانی ئەوچاکسازیە بدەن کەگرنگترینیان خۆی دەبینێتەوە لەباشترکردنی سیستەمی کارگێڕی چاکسازیەکە کەلەئێستادا بەوەکالەت بەڕێوەدەبرێت چونکە ئەم بابەتە کاریگەری

خراپی کردۆته سەر دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە، پاش سەردان و هەوڵ وبەدواداچون و ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەرچاکسازی ناوبراو لەئێستادا دۆخی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە بەبەراورد بەڕابردوو بەرەوباشتربون دەچێت .

کێشەی ئامادەنەکردنی مامەڵەی ئازادکردنی سزادراوان پێش ئەوەی وادەی سزاکەیان تەواوبێت لە چاکسازیەکانی هەرێمدا بەتەواوی چارەسەرنەکراوە بەو هۆیەوە سزادراوان بۆماوەیەکی زیاتر دەمێننەوە بۆئەم مەبەستە لەکۆبونەوەی نێوان دەستەکەمان بەسەرۆکایەتی بەڕێز (سەرۆکی دەستە ) و (فەرمانگەی داواکاری گشتی لەسلێمانی) ئەم گرفتە باسی لێوەکراوەو لای خۆیان بەنوسراویان ژمارە (717/5لەڕێکەوتی 2017/6/4) فەرمانگەی داواکاری گشتیان لەچاکسازی گەورانی سلێمانی ڕاسپاردووە چارەسەری ئەم گرفتە بکەن، یەکێکی دیکە لەوگرفتە بەردەوامانەی کە لەچاکسازیەکاندا هەن بریتیە لە کۆنتڕۆڵنەکردنی کەلوپەلە قەدەغەکراوەکان بۆ چونە نێو چاکسازیەکان لەنمونەی (حەب، مادەی هۆشبەر، ئامێری برینداركەر)، دەستەکەمان بەردەوام جەختی لەپاراستنی ئاسایشی چاکسازیەکان کردۆتەوە بەومەرجەی کارنەکاتە سەر سەردانیکردنی کەسوکاری سزادراوان وهێنانی ئەو کەلو پەلە پێویستانەی کە سزادراوەکان داوای دەکەن چونکە دانەبڕانی سزادراو لەجیهانی دەرەوە وبونی پەیوەندی لەگەڵ کەسوکارەکەیدا یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ دوبارە شیاندنەوەی بۆنێو کۆمەڵگە.

لەپێشهاتێکی مەترسیداردا سزادراوێك لەچاکسازی گەورانی (دهۆك) بەناوی(ف. و) پاش ئەوەی بۆماوەی (4)ساڵ لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە دواتر بێتاوان دەردەچێت ولەڕێکەوتی 2017/3/20بەبڕیاری( دادگای تاوانەکانی دهۆك) ئازاد دەکرێت، ئەم ڕوداوە دەمانخاتە بەردەم گومانی زۆر


www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com
ناونیشان: هەولێر – گەڕەکی ئازادی– نزیك یاریگای فرانسۆ هەریری

لەسیستەمی لێکۆڵینەوەی یاسایی لەهەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەسەرکردنەوەو پشیوانی کردن لەم سزادراوە هەریەك لەنوسینگەی زاخۆی دەستەکەمان وخودی سەرۆکی دەستە سەردانی ماڵی ناوبراویان کردو پشیوانی دەستەیان بۆدوپات کردەوە بۆگەیشتن بەمافە یاساییەکانی وقەرەبوکردنەوەی بەگوێرەی یاسا.

ئاستی هاوکاری کارمەندانی چاکسازیەکان بەگشتی لەگەڵ تیمەکانی دەستە لە م ساڵەدا بەرەوباشی چووە بەڵام لەهەندێك کاتدا تیمەکانی دەستە ڕوبەڕوی ئاستەنگ بونەتەوە لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیاندا بەنمونە لەرێکەوتی 2017/4/17 وەکو پێویست ئاسانکاری بۆ تیمی دەستە نەکرا بۆسەردانیکردنی(بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی هەولێر)و دواتر گرفتەکە چارەسەر کرا.

وێڕای درێژەکێشانی قەیرانی دارایی و کەمکردنەوەی بودجەی چاکسازیەکان تواندراوە ژەمەخۆراکی پێویست بۆبەندکراوان دابین بکرێت، یەکێك لەگرفتەهەرەسەرەکیەکانی چاکسازیەکان بەگشتی بریتیە لەوسزادراوانەی کە لەسەر ئالودەبون بەمادەهۆشبەرەکان سزادراون بەهۆی ئەوەی پێویستیان بەچارەسەری پزیشکی ودوبارە شیاندنەویان بۆنێوکۆمەڵگە هەیە بەڵام لەهەرێمی کوردستاندا ولەناوخودی چاکسازیەکاندا هیچ جۆرە سەنتەرێکی وەرگرتنی چارەسەری تایبەت بە ئالودەبوانی مادەهۆشبەرەکان بونی نیە تەنها ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی نەبێت بەناوی ڕێکخراوی(وچان) کە لەوبوارەدا لەناوچاکسازیەکاندا کاری کردوە، لە هەندێك پێشهاتی ترسناکدا ژمارەیەك لەوئالودەبوانە بەهۆی وەرنەگرتنی چارەسەری پزیشکی هەوڵی خۆکوشتنیان داوە وئەگەر ئەم بابەتە چارەسەری یاسایی وپزیشکی بۆنەبیندرێتەوە پێشبینی کەوتنەوەی ڕوداوی نەخوازراوی لێدەکرێت،

بەنمونە لەڕوی یاساییەوە پێویستە دوبارە مادەهۆشبەرەکان پۆلێن بکرێنەوەو چاودێری زیاتریش بخرێتە ئەوشوێنانەی کەدەرمانی پزیشکیان لێ دەفرۆشرێت.

ڕۆڵی ئەندامانی داواکاری گشتی لەچاکسازیەکاندا بەبەراورد بەساڵانی ڕابردوو بەرەوپێشچونی باشی بەخۆیەوە بینیوە و ئەندامەکانیان لە هەوڵی بەردەوامدابونە بۆچارەسەرکردن وبەدواداچون بۆ گرفتە یاساییەکانی سزادراوان.

تواندراوە بەشێوەیەکی سیستەماتیك تۆماری تایبەت بەتەواوی سزادراوان ئامادەبکرێت و وەکو تۆماری (کاتی دەستگیرکردن وئازادکردن، تۆماری نەخۆشیەکان، تۆماری هەڵگرتنی کەلوپەلی سزاداراوان..)

خشتەی ژمارە(3) ئاماری سزادروان بە سزای لەسێدارەدان تا سەرەتای ساڵی2017

| | |
|---|---|
| ب.چاکسازی گەورانی هەولێر | 57 سزادراو |
| ب.چاکسازی گەورانی سلێمانی | 62 سزادراو |
| ب.چاکسازی گەورانی دهۆك | 114 سزادراو |
| **کۆی گشتی** | **233** |

بالّەخانەی چاکسازیەکانی ژنان ومندالآن لەهەرێمی کوردستان لەئاستێکی زۆرخەراپدانە ولەگەلّ پێوەرەنێودەلّەتیەکاندا نایەنەوە بەتایبەت(ب.چاکسازی ژنان ونەوجەوان لەدهۆك)و (ب.چاکسازی ژنان ونەوجەوانی سلێمانی)بەتایبەت ئەوەی دواییان لەکۆندا بالّەخانەی سەربازی بوەو لەئێستادا وەك چاکسازی بەکاردەهێندرێت، ژمارەیەك لەوناوجەوانانەی بەتۆمەتی تیرۆر لەلایەن دەزگای ئاسایشی هەرێم لە وچاکسازیانەدا ڕاگیراون و تائێستا تۆمەکانیان لەسەر ساغنەکراوەتەوەو ماوەی یاسایی تێپەڕیوە و دۆسیەکانیان یەکلانەکراوەتەوە، لەڕوانگەی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ دەستەکەمان بەڕاپۆرتی تایبەت لایەنە پەیوەندیدارەکانی لەم پرسە ئاگادارکردۆتەوە وداوای گرتنە بەری ڕێوشوێنی یاسایی لێ کردون بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەکانیان.

هەندێك لەو ئافرەتانەی کە بەهۆی کێشەی کۆمەلآیەتیەوە سزادراون ولەئێستادا حوکمەکانیان بەرەو کۆتایی دەچێت بەهۆی بونی هەڕەشە لەسەرژیانیان ناتوانن دوبارە بگەڕێنەوە نێو خێزانەکانیان بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەستەکەمان بەنوسراوی ژمارە(355/16/1لەڕێکەوتی 2017/3/12) داوای لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەلآیەتی کردووە بەهەماهەنگی لەگەلّ لایەنە پەیوەندی دارەکان کێشەی ئەم ئافرەتانە چارەسەربکەن.

ئاستی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لەنێو چاکسازیەکانی ژنان ومندالآن وەکو پێویست نیەو بەتەواوی ڕەچاوی تایبەتمەندیەتی ژنان ومندالآن نەکراوە لەڕوی دابینکردنی پزیشکی پسپۆڕو دەرمانە سەرەکیەکان هەروەها ئەو مندالآنەی کەلەگەلّ دایکیاندا لە بەندیخانەدا دەژین کەوتونە

ژێرکاریگەری ژینگەی بەندیخانەو ڕەچاوی تایبەتمەندیەتی ژیانی منداڵان نەکراوە بەهۆی بچوکی ونەگونجاوی باڵەخانەکان.

هەندێك لە ونەجەوانانەی کە سزاکانیان تەواو دەکەن بەهۆی کارانەبونی تەواوی سیستەمی (چاودێری پاشینە) کەبریتیە لەچاودێریکردنی ڕەفتاری نەوجەوانان و چۆنیەتی گەڕانەویان بۆنێو کۆمەڵگە دوای ئازادکردنیان دووبارە توشی ئەنجامدانی تاوانی دیکە دەبنەوە و گرفتی زۆر بۆخێزانەکانیان و وکۆمەڵگەش دروست دەکەن بۆیە پێویستە گرنگی تەواو بەو لایەنە بدرێت وکارمەندانی ئەم بوارە بەشێوازی سەردەمیانە ڕابهێندرێن وبخرێنە خزمەتی دوبارە شیاندنەوەی نەوجەوانان.

تائێستا نەتواندارە بەتەواوی ماف وشایستە داراییەکانی فەرمانبەرانی ئەم چاکسازیانە دابین بکرێت وڕەچاوی ئەوئەرکە گرنگەیان بکرێت کەپێیان سپێدراوە ئەوش بۆتەهۆی بێزاری ژمارەیەکی زۆرلەو کارمەندانە و بەشێکیان هەوڵی گواستنەوەی ڕاژەکانیان دەدەن لەکاتێکدا خودی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە پێویستیان بەدابینکردنی ستافی زیاترهەیە.

لەمانگی شوباتی ساڵی 2017 لەڕێگەی ڕاپۆرتێکی فەرمیەوە لایەنەپەیوەندارەکانمان لە کێشەوگرفتەکانی (بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان ونەجەوانانی هەولێر) ئاگادارکردەوە، دواتر بەهەوڵ وهەماهەنگی ئیدارەی چاکسازیەکە هەندێك لەو ڕاسپاردانەی کەخستبومانەڕوو چارەسەرکران لەنمونەی چارەسەرکردنی گرفتی ئاوەڕۆوگرفتی کەمی کارەبا.

خشتەی ژمارە(4) تایبەت بە سزادراوانی سزای لەسێدارەدان(ئافرەتان)

| | |
|---|---|
| ب.چاکسازی ژنان ومنداڵانی هەولێر | 5 سزادراو |
| ب.چاکسازی ژنان ومنداڵانی سلێمانی | 10 سزادراو |
| ب.چاکسازی ژنان ومنداڵانی دهۆك | 5 سزادراو |
| کۆی گشتی | 20 سزادراو |

## ئامارودۆسیەکانی پەیوەست بەسکاڵای بەندکراوان وکەسوکارەکانیان

یەکێك لەو ئەرکە گرنگانەی کەخراوەتە ئەستۆی دەستەکەمان بەپێی مادەی(4برگە 7)لەیاسای ژمارە(4)ی ساڵی (2010)بریتیە لە وەرگرتنی سکاڵاڵە هاوڵاتیان وکۆمەڵەورێکخراوەکان لەنێویشیاندا بەندکراوان وکەسوکارەکانیان بۆئەم مەبەستە دەستەکەمان لەرێگەی دانانی سندوقی سکاڵا لە بنکەکانی گرتن وگواستنەوەو چاکسازیەکاندا هەروەها دابینکردنی هێڵێکی مۆبایل توانیویەتی لەساڵی 2017 بەتەنها لەدیوانی دەستە ئەم سکاڵایانەی لای خوارەوە وەربگرێت کەتایبەتن بەوپێشێلکاریانەی ڕووبەڕوی بەندکراوان دەبنەوە و لەگەڵ لایەنەپەیوەندارەکان هەوڵی ساغکردنەوەی سکاڵاکانی داوە:-

| ژ | ناوی سکالاکار | جۆری سکالا | کاری پێویستی ئەنجامدراو |
|---|---|---|---|
| 1- | ژ، ع، ح | تێپەڕبونی ماوەی یاسایی ویەکلانەکردنەوە ی دۆسیەی 7ڕاگیراو | بەنوسراوی ژمارە 848لە 2017/7/18فەرمانگەی داواکاری گشتی لەوکەیسە ئاگادارکراوەتەوە و بەپێی نوسراویان بەژمارە 977لە 2017/9/10 پاش داواکردنی زانیاری دەستیان کردوە بە بەدواداچونی یاسایی لەسەر ئەم دۆسیەیە. |
| 2- | د، خ، أ | ئازاردانی حوکمدراو | بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی ئەم دۆسیەیە چارەسەرکرا. |
| 3- | ن، ك، س | سۆراغکردن | بەنوسراومان ژمارە 875لە 2017/7/25داوامان لە(ب.ئاسایشی هەولێر)کرد زانیاریمان لەبارەی هۆکاری دەستگیرکردنی هاوسەری سکالاکارکرد، لای خۆیان بەنوسراوی ژمارە(6215)لە 2017/8/9 هۆکاری دەستگیرکردن وئەمادەیاساییەی پێی دەستگیرکراوە بۆیان ڕونکردینەوە. |
| 4- | ع،ع | ڕەفتاری نایاسایی | پاش وەرگرتنی سکالای سکالاکار ڕاستەخۆ تیمێکی دەستە سەردانی خودی ڕاگیراوەکەی کرد لە(ب.گرتن وگواستنەوەی پۆلیسی هەولێر) وبەهەماهەنگی لەگەڵ (ب.نەهێشتنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | تاوانی بەحرکە) کەیسەکەی یەکلاکرایەوە. |
| -5 | ج ، ع، ر | ئاڵوگۆڕی سزادراوان | بەنوسراومان ژمارە 1025لە 2017/8/28داواکاری ناوبراومان ئاراستەی (وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ) کرد بەڵام تاکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بێ وەڵامە. |
| -6 | ت، ع، أ | گواستنەوەی سزادراو | بەنوسراومان ژمارە 773لە 2017/6/21 (فەرمانگەی داواکاری گشتی لە چاکسازی گەورانی سلێمانی) لە کەیسە ئاگادارکراوەتەوە ئەوانیش لای خۆیان بەنوسراوی ژمارە 181لە 2017/7/12وەڵامی یاسییان بۆدەستەکەمان ناردوە. |
| -7 | أ، ش ،ح | کێشەی یاسایی حوکمدراو | بەنوسراومان ژمارە 877لە 2017/7/26نوسینگەی مافی مرۆڤی دهۆکمان ڕاسپارد بەدواداچون بۆ ئەم دۆسیەیە بکەن، لەوبارەیەوە ڕاپۆرت خۆیان بۆمان بەرزکردۆتەوە. |
| -8 | م ، ن | ڕادەست نەکرنەوەی داواکراو | لەگەڵ لایەنەپەیوەندارەکان بەردەوامین بۆچارەسەرکردنی گرفتەکانیان بەپێی یاساو بنەماکانی مافی مرۆڤ. |
| -9 | م، ح، أ | دواکەوتنی دادگایی کردن | لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان و بە ردەوام لەڕێگەی ڕاپۆرتی ساڵانەی دەستە وئاراستەکردنی نوسراوی فەرمی هەوڵی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | چارەسەرکردنی گرفتی درەنگ یەکلابونەوەی دۆسیەی ڕاگیراوانمان داوە. |
| -10 | ص، ش، م | چاوپێکەوتن | کاری پێویست بۆ ئەم بابەتە ئەنجام دراوە. |
| -11 | س، ح، ل | گرفتی سزادراو | لەکاتی سەردانیکردنی شاندی دەستە چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوبراو ئەنجام دراو ، بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورانی سلێمانی ڕاسپێردرا بۆچارەسەرکردنی گرفتەکەی. |
| -12 | د، ح، ع | نەبونی مواجهە | ڕێکەوتی 2017/11/19سەردانی ناوبراو کرا لە(ب.چاکسازی ژنان ونەوجەوانانی هەولێر) بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو کێشەکەی چارەسەرکرا. |
| -13 | ڕ، و، ص | دواکەوتنی دادگایکردن | پاش سەردانیکردنی (ب.ئاسایشی هەولێر)، و بەگوتەی کەسوکارەکەی لەئێستادا پەڕاوی ناوبراو ئامادەیە بۆ ڕەوانەکردن بۆدادگای تایبەتمەند. |
| -14 | ع، ف، م | بونی مەترسی لەسەرگیانی سکالأکارپاش ئازادکردنی | پاش سەردانیکردنی ناوبراولە(ب.چاکسازی ژنان ومندالأنی هەولێر) وکۆبونەوە لەگەڵ بەڕێز ئەندامی داواکاری گشتی لەچاکسازی ناوبراو بەگوێرەی یاسا کاری پێویستی بۆئەنجام درا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 15- - | ڕ، ڕ، ح | کێشەی ڕاگیراو | لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنیەوە نوسینگەی مافی مرۆڤی سلێمانی ڕاسپێردرا بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنەپەیوەندارەکان هەوڵی چارەسەرکردنی گرفتەکەی بدرێت. |
| 16- | ڕ،ح، م | هۆکاری دەستگیرکردن | پاش داواکردنی ڕونکردنەوە هۆکاری دەستگیرکردنی ناوبراوبەنوسراومان ژمارە 1096لە 2017/9/27 لە (ب.گ.ئاسایش/هەولێر) بەنوسراویان ژمارە 8570 لە 2017/11/20هۆکاری دەستگیرکردن ومادەیاساییەکەیان بۆمان ڕونکردۆتەوە. |
| 17- | وەرگرتنی سکالاَ لەژمارەیەك هاولاَتی عەرەبی دانیشتوی هەرێمی کوردستان | بێسەروشێون بون لەناوچەکانی ناوەڕاستی عێڕاق. | بەهۆی دەست بەکارنەبونی ئەنجومەنی نوێی کۆمسیاران لە کۆمسیۆنی بالاَی مافەکانی مرۆڤی عێڕاق تاکۆتایەکانی ئەم ساڵ نەتواندراوە کار لەسەر سکالاَکانیان بکرێت. |
| 18- | ع،ق،ع | ئەشکەنجەدان | ئاراستەکردنی نوسراوبەژمارە (1097)لە 2017/9/27بۆسەرۆکایەتی داواکاری گشتی،لای خۆیان بەنوسراوی ژمارە 562لە 2017/10/1کاری پێویستیان ئەنجام داوە، بەلاَم کەیسەکە تائێستا بەئەنجام نەگەیشتوە. |
| 19- | أ،أ،م | دەستگیرکردن | پاش ئاراستەکرنی نوسراوی فەرمی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نەبونی زانیاری | بەژمارە 450لە ڕێکەوتی 2017/4/5بۆ ئاسایشی گشتی (سلێمانی)تائێستا وەلأمی نوسراومان نەهاتۆتەوە لەبارەی چارەنوسی دەستگیرکراو. |
| -20 | 5 خێزانی عەرەبی دانیشتوی هەرێمی کوردستان | دەستگیرکردن ونەبونی زانیاری | پاش ئاراستەکردنی نوسراوی فەرمیمان بەژمارە 366لەڕێکەوتی 2017/3/15 بۆ کۆمسیۆنی بالأی مافەکانی مرۆڤ لەعێراق تائێستا وەلأمی نوسراومان نەهاتۆتەوە لەبارەی چارەنوسی ژمارەیەك ونبو لە ڕوداوەکانی ئازادکردنی قەزای (فەلوجە) لەلایەن هێزەعێراقەکیان. |
| -21 | م، أ ، ع | دەستگیرکردن ونەبونی زانیاری | پاش ئاراستەکردنی نوسراومان بەژمارە (707)لەڕێکەوتی 2017/6/11 بۆ (بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی/هەولێر) لای خۆیان لایەنی ناوبراوبەنوسراویان ژمارە (6920)لەڕێکەوتی 2017/9/7ئاماژەیان بۆئەوەکردوە کەزانیاریان نیە لەبارەی دەستگیرکراوەوە. |
| -22 | ش، ڕ،ع – أر،ڕ،ع | ئەشکەنجەدان | بەنوسراومان ژمارە 647لە 2017/6/1 بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی پارێزگای هەولێرمان لە کەیسە ئاگادارکردۆتەوە بۆئەنجامدانی کاری پێویست بەلأم تائێستا کەیسەکە لێکۆڵینەوەی یاسایی تێدانەکراوە. |

# گیان لەدەست دان وخۆکوشتنی بەندکراوان

لە ساڵی 2017 گیان لەدەست دان وخۆکوشتنی بەندکراوان لەبەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێکی مەترسیدار بەجۆرێك لەسەرەتای ئەم ساڵەوە تائێستا (7) زیندانی بەڕوداوی جیاجیا گیانیان لەدەست داوە کە ئەگەر هۆکارو پاڵنەرەکانی چارەسەرنەکرێت پێشبینی ئەوەی لێدەکرێت ببێتە دیاردە، دەستەکەمان بەردەوام لەهەوڵدابووە بۆ گەیشتن بە هۆکاری گیان لەدەست دان ولێکۆڵینەوە لە خۆکوشتنی بەندکراوان بۆئەم مەبەستە بەنوسراوی فەرمی کۆی حالەتەکان ئاراستەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی کراون بۆئەنجامدانی ڕێکاری یاسایی پێویست دەربارەی خۆکوشتنی بەندکراوان .

لە خوارەوە کۆی حاڵەتەکانی خۆکوشتنی بەندکراوان دەخینەڕوو کەلەدەستەکەمان تۆمارکراوان:-

**أ- لەڕێکەوتی 2017/2/5 نەوجەوانێك بەناوی(ع،أ) لەچاکسازی ژنان ونەوجەوانانی (دهۆك) خۆی سوتاند پاش ئەوەی بەسەختی بریندار بوو لە بەرواری 2017/3/6لەنەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.**

**ب- لە ڕێکەوتی 2017/2/6 سزادراوێك بەناوی (ع،ت ) لەچاکسازی گەورانی سلێمانی خۆی خنکاند.**

**ج- سزادراوێك بەناوی ( هـ، و)لەچاکسازی گەورانی سلێمانی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.**

**هـ- لەڕێکەوتی 2017/2/14ڕاگیراوێك بەناوی (ع، ح) لەبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی دهۆك پاش ئەوەی دەسوتێت لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.**

و- ڕاگیراوێك بەناوی (هـ،م) كەلەلایەن (ب.ئاسایشی سلێمانی)بەتۆمەتی پەیوەندی كردن بەگروپی تیرۆرستی (داعش) دەستگیر كرابوو تەرمەكەی لەناوچەی سێوسێنان دۆزرایەوە.

ز- لەرێكەوتی 2017/5/29سزادراو(م،ج) لەچاكسازی گەورانی سلێمانی خۆی خنكاند.

ح- لەرێكەوتی 2017/6/29سزادراوێك بەناوی(گ) لە چاكسازی گەورانی سلێمانی كۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

## ڕەوشی زیندانیانی بیانی لە گرتوخانەكانی هەرێمی كوردستان.

بەهۆی بونی ژمارەیەكی زۆرلەخەڵكانی بیانی لەهەرێمی كوردستان تادێت رێژەی ڕاگیراوان وحوكمدراوان بیانی لەبەندیخانەكانی هەرێمی كوردستان ڕولەزیادبون دەكەن كەزۆرینەیان لەسەرئەنجامدانی تاوانی ئاسایی دەستگیركراون، بەجۆرێك تاكۆتایی ساڵی 2017 (293) سزادراوی بیانی لەچاكسازیەكاندابونیان هەیە وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەیخەینە ڕوو:-

| ناوی وڵات | ژمارەی سزادراو | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ |
|---|---|---|---|
| ئێران | 144 | 125 | 19 |
| توركیا | 54 | 38 | 16 |
| سوریا | 75 | 73 | 2 |
| وڵاتانی دیكە | 20 | 10 | 10 |

لەوژمارەیەی کەخراوەتە ڕوو (93)سزادراو بەتەنها لەسەر بەکارهێنان وبازرگانیکردن بەمادەهۆشبەرەکانەوە حوکمدراون ئەوەش دەمانخاتە بەردەم ئەوەی کەهەرێمی کوردستان لەبەردەم مەترسی گەورەدایەکە لەداهاتودا ببێتە ناوچەیەك بۆ بلاوبونەوەی زیاتری ئەم جۆرە تاوانانە کە کاریگەریەخەراپەکانی کەمترنیە لەهەڕەشەو مەترسی تیرۆربۆ سەرهەرێمەکەمان، لەڕوبەڕوبونەوەی ئەم تاوانەدا ناکرێت ڕۆڵی دام ودەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان نادیدە بگرین کەتوانیویانە تائاستێکی باش ڕوبەڕوی بازرگانانی مادەهۆشبەرەکان ببنەوەو بەردەوامیشن لە هەوڵەکانیان بەلام وەها تاوانێکی گەورە بەتەنها بەڕوبەڕوبونەوەی ئەمنی کۆنترۆڵ ناکرێت لەپاڵیدا پێویستە لایەنە پەیوەندارەکانی دیکەش هەوڵەکانیان چڕبکەنەوە بۆهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەنێویشیاندا چینی گەنجان و مەترسی ولێکەوتە خەراپەکانی مادەهۆشبەرەکانیان بۆ ڕونبکرێتەوە.

ژمارەیەك ڕاگیراوی بیانی لەلایەن ولاتانی دراوسێوە داواکراون بۆڕادەستکردنەوە بەلام ئەوڕاگیراوانە لەکاتی ڕادەستکردنەوەیان پێشبینی دەکرێت توشی سزای قورس ببنەوە بەهۆی ئەوەی لەبنەڕەتدا تۆمەتەکانیان سیاسیەو وەك ئۆپۆزسیۆنی ئەم ولاتانە کاریان کردوە، ئەم ڕاگیراوانە ماوەیەکی زۆربەسەردەستگیرکردنیان تێپەڕیوە و دۆسیەکانیان یەکلانەکراوەتەوە ولەئێستادا لەدۆخێکی مرۆیی سەختدا دەژین، دەستەکەمان بەردەوام جەختی لەوەکردۆتەوە کەناکرێت بەپێی بنەما نێودەوڵەتیەکان پەنابەر یاخود داواکاری سیاسی ڕادەست بکرێتەوە بەبێ بونی دڵنیانی لەوەی کەگیانی پارێزراودەبێت وبەگوێرەی یاسا مامەڵەی لەگەڵدادەکرێت.، کەیسی ڕاگیراوانی بیانی لەزۆرکاتدا ڕەهەندی سیاسی لەخۆدەگرێت بەجۆرێك بەگوتەی پارێزەرانی ئەم ڕاگیراوانە ئاماژەبۆئەوەدەکەن" کەدەزگا ئەمنی وپەیوەندارەکان هاوکاریان نین

لەبەدەنگەوهاتنیان  تاكو بەدواداچون بۆكەیسەكانیان بكەن، هەروەها ئەوڕاگیراوانەی كە لەلایەن ولآتانی دراوسێوە داواكراون بە تیمەكانی دەستەیان ڕاگەیاندووە:"بەشی پۆلیسی تایبەت بە كاروباری نێودەوڵەتی لەنێو (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم) كەیسەكانیان دوادەخەن و بەشێوەیەكی پیشەیانە مامەڵەیان لەگەڵ ناكەن و زۆركات لایەنگیری بۆ ولآتێكی دراوسێ دەكەن لەسەر حسابی كەیسەكانیان."

ئەوەی تێبینی كراوە زیندانیانی بیانی بەتەواوی جۆرەكانیەوە لەنێو گرتوخانەكانی هەرێم لەڕوی ڕەفتارەوە ڕوبەڕوی جیاكاری نابنەوە لەسەربنەمای نەتەوە ئاین بیروباوەڕ ودۆخیان هەمان ئەودۆخەیە كەزیندانیانی هەرێمی كوردستان تێیدا دەژین وهەمان ئەرك ومافیان هەیە وڕێگا بەكەسوكاریان دەدرێت سەردانیان بكەن ئەمەش خاڵێكی ئەرێنیە بەئاراستەی ڕێزگرتن لەبنەماكانی مافی مرۆڤ، بەلآم لەهەمانكاتدا لەكاتنی لێكۆڵینەوەدا بەشێك لەو ڕاگیراوانە بەگوتەی خۆیان وەرگێڕیان بۆدابین نەكراوە تاكو بەدروستی وتەكانی خۆیان جێگیربكەن لەپەڕاوی لێكۆڵینەوەدا ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ بنەماكانی دادگایی كردنی دادپەروەرانە.

## پۆڵێنكردنی پێشێلكاریەكان

پاش ئەوەی دۆخی بەندیخانەوچاكسازیەكان لەهەرێمی كوردستاندا خرایەڕوو هەوڵدراوە لەم بەشەدا بەشێوەی پۆڵێندبەندی گرنگترین ئەوپێشێلكاری وڕوداوانە بخەینە ڕوو كە لەلایەن دەستەكەمانەوە دیكۆمێنت كراون:-

## یەکەم/دەستگیرکردن لەدەرەوەی ڕێوشوێنە یاسایەکان

بەپێی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وپەیمانامەی نێودەڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی وسیاسیەکان ویاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی عێراقی ژمارە 23ی ساڵی 1971 نابێت هیچ مرۆڤێك بەبێ بڕیاری دادگای تایبەتمەند دەستگیربکرێت و ڕوبەڕوی سزا بکرێتەوە، بەپێچەوانەی ئەوە لە ساڵی 2017 لەهەرێمی کوردستاندا ئەم حاڵەتانەی خوارەوە لە لایەن دەستەکەمانەوە تۆمارکراون:-

أ- دەستگیر کردنی (35) خۆپشاندەر لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر لەڕێکەوتی 2017/3/5 پاش ئەوەی هەوڵیاندا بۆ ئەنجامدانی گردبونەوەیەك بۆ ئیدانەکردنی شەڕی براکوژی. دوای مانەوەیان بۆچەند ڕۆژێك لەزیندان ئازادکران.

ب- دەستگیرکردنی هاوڵاتیەك لەقەزای چۆمان بەناوی (س،چ) لەڕێکەوتی 2017/3/22 بەتۆمەتی برینی سنوری هەرێمی کوردستان وبەشداریکردنی لەئاهەنگی نەورۆز. پاش هێشتنەوەی بۆماوەی ڕۆژێك لەئاسایشی سۆران ئازادکرا.

ج-دەستگیرکردنی چەند قوتابیەکی بەشەناوخۆییەکان لەزانکۆی سلێمانی لەڕێکەوتی 2017/4/30 پاش ئەوەی گردببونەوە بەمەبەستی داواکردنی دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆبەشەناخۆیەکەیان لەشاری سلێمانی. دوای دەستبەسەرکردنیان بۆماوەی چەند کاتژمێرێك ئازادکران.

د- دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوس(أ،ع)لەشاری هەولێر لەڕێکەوتی 2017/5/4، پاش هێشتنەوەی لەزیندان بۆماوەی چەند ڕۆژێك ئازادکرا.

هـ- دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنوس(ك،ح) لەلایەن چەند چەکدارێك لەشارۆچکەی باعەدرێ.


www.ihrckr.org ihrckr@gmail.com
ناونیشان: هەولێر – گەڕەکی ئازادی– نزیك یاریگای فرانسۆ هەریری

ز- دەستگیرکردنی هاولاتیەك بەناوی (أ ، أ) لە لایەن ئاسایشی بنکەیەك لەشاری هەولێر لەرێکەوتی 2017/7/10 بە هۆی بلاوکردنەوەی چەندشیعرێك لەتۆڕی کۆمەلایەتی فەیسبوك، پاش ڕاگرتنی بۆماوەیەکی کورت ئازادکرا.

ح- دەستگیرکردنی چالاکوانێکی مەدەنی بەناوی( م، ی) لە شاری ڕانیە لە ڕێکەوتی 2017/12/21.

ط- دەستگیرکردنی زیاتر لە (20) خۆپشاندەر لە شاری ڕانیە لە ڕێکەوتی 2017/12/21.

ك- ڕاگرتنی ژمارەیەك خۆپشاندەروچالاکوانی سیاسی ومەدەنی لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی شاری سلێمانی لەمیانەی بەرێوەچونی نارەزاییەکانی خەلکی ئەوشارە بەپێی بەدواداچونی نوسینگەی سلێمانی سەربەدەستەکەمان ژمارەیان بە(150بۆ200) ڕاگیراو مەزندەدەکرێت.

## دووەم/بێسەروشوێنکردن (الاختفاءالقسري)

ڕێکەوتنامەی نێودەولەتی بۆپاراستنی هەموتاکەکان لەبێەسروشوێنکردنی زۆرەملێیانە لەمادەی (2) دا بەم شێوەیە پێناسەی ئەم کردارەی کردووە(**بریتیە لە دەستگیرکردن، گرتن،ڕفاندن،یان هەرشێوەیەك لەشێوەکانی بێبەشکردن لەئازادی کەلەسەردەستی فەرمانبەرانی دەولەت یان کەسەکان یان کۆمەلێك تاك ئەنجام دەدرێت کەلەلایەن دەولەتەوە رێگەیان پێدراوەیان پشتیوانیان لێ دەکرێت یان بەرەزامەندی دەولەت ئەوکارە دەکەن، دواتریش بکەری ئەوکارە دان بەوەدانانێت کەکەسە شوێن ونبوەکەی بێبەشکردوە لەئازادی یان چارەنوس وشوێنی مانەوەی شوێن بزرکراوەکە دەشارێتەوە،ئەمەش شوێن بزرەکە بێبەش دەکات لەپاراستنی یاسایی.**)، لەهەرێمی کوردستاندا بێ سەروشوێنکردن( الاختفاء القسري)

بەشێوەیەکی بەر بلاّو بونی نیە بەلاّم وەکو حالەت بونی هەبووە، لەسەرەتای ساڵی 2017دەستەکەمان تەنها توانیویەتی ئەم حالەتەی خوارەوە دیکۆمێنت بکات:-

أ-دیارنەمانی هاولاّتیەك کەپیشەی مامۆستای ئاینیە لەشارۆچکەی (حاجیاوە) بەناوی (أ- ص) لەرێکەوتی 2017/3/23تاکوئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، بەگوتەی کەسوکارەکەی "لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لەماڵەکەی خۆیدا رفێنراوە" پاش بەدواداچونی نوسینگەی راپەرینی دەستەکەمان وپەیوەندی کردن لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکانی دەڤەرەکە هیچ زانیاریەك لەبارەرەی چارەنوسی ناوبراوەوە دەست نەکەوتوە، لەرێکەوتی 2017/4/2بەنوسراوی ژمارە 430/16/1 داوامان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش(سلێمانی) کرد لەچارەنوسی ئەم کەسە ئاگادارمان بکەنەوە ، لەوەلاّمدا بەنوسراویان ژمارە 4645/1560 لەرێکەوتی 2017/5/18 دەڵێن "ناوبراو لای ئێمە نیە".

## دەرئەنجام وپێشنیارەکان

پاش خسنەڕووی ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لەبەندیخانەکانی هەرێمی کوردستان دەتوانین بڵێین کە دۆخەکە لەڕوانگەی مافەکانی مرۆڤ جێگەی نیگەرانی زۆرەو بەبەراورد بەساڵی ڕابردوو ئاست وجۆری پێشێلکاریەکان بەرەوزیادبوون چووە، بەمەبەستی چارەسەرکرنی گرفتەکان ونەهێشتنی پێشێلکاریەکان ئەم پێشنیارانەی خوارەوە دەخەینە بەردەمی لایەنەپەیوەندارەکان:-

## يەكەم/ پێشنیاروڕاسپاردە بۆئەنجومەنی دادوەری

أ-پەلەكردن لەیەكلایی كردنەوەی دۆسیەی ڕاگیراوان لەماوەی یاسایی خۆیدا.
ب- بڕیاردان لەدۆسیەی سزادراوان لەلایەن دادگای (پێداچونەوە) لەماوەیەكی گونجاودا.
ج- جێ بەجێ كردنی یاسای ژمارە(15)ی ساڵی 2010(یاسای قەرەبوكردنەوەی ڕاگیراوان و حوكمدراوان لەكاتی بێتاوان دەرچونیان لەهەرێمی كوردستان) بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكان.
د- فراوانكردنی سەپاندنی سزاكانی پێژماردن لەجیاتی سزای كۆتكردنی ئازادیەكان وەك چۆن لەدەقە یاساییەكاندا هاتووە.

## دووەم/ پێشنیاروڕاسپاردە بۆسەرۆكایەتی داواكاری گشتی

أ- چاودێركردنی دۆسیەی گیان لەدەستدانی بەندكراوان لەدادگا تایبەتمەندەكان.
ب- ئەنجامدانی ڕێكاری یاسایی بۆئەو دۆسیانەی تائێستا ئاراستەی دادگانەكراوان وتایبەتن بە گیانلەدەستدانی ڕاگیراوان.
ج- هەوڵدان بۆیەكلاكردنەوەی دۆسیەی ڕاگیراوانی بیانی.
د- ڕێكخستنی سەردانی كردنی بەردەوام بۆ ناو گرتوخانەكان بەمەبەستی بەدواداچون بۆ كێشەیاساییەكانی بەندكراوان.
هـ- دەستپێكردنی لێكۆڵینەوەو بەدواداچونی یاسایی لە بانگەشەكانی " ئەشكەنجەدانی بەندكراوان".

## سێیەم/ پێشنیاروڕاسپاردە بۆوەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی

أ- هەوڵدان بۆ تەواوكردنی باڵەخانەی نوێی چاكسازی ژنان ونەوجەوانانی هەولێر.

ب- چارەسەرکردنی گرفتە کارگێڕی وخزمەتگوزاریەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەوران لەسلێمانی.

ت- بەرزکردنەوەی ئاستی بژێویی و دابینکردنی مافە پیشەییەکانی فەرمانبەرانی چاکسازیەکانی هەرێمی کوردستان.

پ- هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری توانای فەرمانبەرانی چاکسازیەکان بەتایبەت لەڕوی مافەکانی مرۆڤ.

ج-کاراکردنی زیاتری سیستەمی چاودێری پاشینە لەناو چاکسازیەکانی ژنان ونەوجەوانان.

أ- پابەندبون بە گرنگیدانی زیاتر بە پۆلێنکردنی سزادراوان بەپێی ستاندەرەنێودەوڵەتیەکان.

ب- زیادکرنی فەرمانبەرانی پسپۆڕ لە توێژەرانی کۆمەلأیەتی و دەرونی بۆ چاکسازیەکان.

**چوارەم/ پێشنیاروڕاسپاردە بۆ وەزارەتی پەروەردە**

ت- دابینکردنی زیاتری ستافی پەروەردەیی پسپۆڕو شارەزا بۆ قوتابخانەکانی چاکسازیەکان.

**پێنجەم/ پێشنیاروڕاسپاردە بۆ وەزارەتی کارەبا**

پ- چارەسەرکردنی گرفتی کارەبای چاکسازی و بنکەکانی گرتن وگواستنەوە لەهەرێمی کوردستان.

**شەشەم/ پێشنیاروڕاسپاردە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان**

ج-ناردنی پەرتوك و چاپەمەنیەکان بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ پەرتوکخانەی چاکسازیەکان.

کۆتایی...

دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لەهەرێمی کوردستان